# وەزارەتی کشتوکاڵ

**ژمارە:٣٥٠٥ لە ٢٠٠٩/٤/١٢**

## ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩
## لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ دەرچووە

بە پشت بەستن بە ئەحکامی هەردوو ماددەی چوارەم و یازدەهەم لە یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان –عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ . ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ماددەی یەکەم :**

هەر زاراوەیەکی لەم ڕێنماییەدا هاتووە ، ئەو واتایەی هەیە کە لە بەرامبەریدا نووسراوە :

١. هەرێم :هەرێمی کوردستان – عێراق .
٢. وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان – عێراق .
٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگادا .
٤. یاساکە : یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ .

**ماددەی دووەم :**

١. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانی قەزا و ناحیەکان و بە چاودێری پارێزگار ، ئەرکی چاودێری و سەرپەرشتی کردنی کاروباری بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ لە چوارچێوەی پارێزگاکەو پاراستنی زەوی و زاری کشتوکاڵ و رووەك و باخ و دارستان و پاوان و سامانی ئاژەڵ و سەرچاوەکانی ئاوی ئاودێری و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و رەوانە کردنی سەرپێچ کار و زێدەڕۆکارانی سەر ئەم سامانە نیشتمانییە بۆ دادگا بە مەبەستی سزادانیان بەپێی یاسا، دەگرنە ئەستۆ .
٢. بەڕێوەبەرایەتی ڕێنمایی کشتوکاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکییەکانی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ و یەکێتی جووتیاران و کشتیاران و کەسانی پەیوەندیدار بە ناوەڕۆکی ئەحکامی یاساکە ئاشنا دەکات و ڕێنمایی و هۆشیاریان دەکاتەوە . هەروەها ئەو کارانەشیان بۆ روون دەکاتەوە کە دەبێ بیکەن یان نەیکەن ، لە پێناو پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵ و ڕێ گرتن لە زیان گەیاندن پێی .
٣. ئەحکامی هەردوو بڕگەی (٢،١) ی ئەم ماددەیە بەسەر کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان و ئەو کۆمەڵانەی لە بواری کشتوکاڵدا کار دەکەن و جووتیاران و کشتیاران و کشتیارانی کشتوکاڵ و ئەو کەسانەی لە کەرتی کشتوکاڵدا کار دەکەن ،پیادە دەبێت .

**ماددەی سێیەم :**

هەر کارێکی زیان بە زەوی کشتوکاڵ بگەیەنێ وەك بەکارهێنان بۆ مەبەستی دی بێجگە لە کشتوکاڵ یا وازهێنان یا کارێك بە پیتی کەم کاتەوە یا خاکی لێ هەڵکەندرێ و بگوازرێتەوە بۆ

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

شوێنی دی یا تەرخان کردنی بۆ شوێنی تایبەتی خێزانی یا گەشت و گوزار یا هەر کارێکی لەم شێوە سەرپێچییە لەم یاسایە.

**ماددەی چوارەم :**

پێویستە دەزگاکانی وەزارەت هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکەن. بۆ دانانی سیاسەتێکی ستراتیژی بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان .لە پێناو هاندانی جووتیاران تا بگەڕێنەوە گوندەکانیان .

**ماددەی پێنجەم :**

بە هەموو شێوازێکی بەر دەست کار بکرێت بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ئاوی باران و رووبارو جۆگاو کانیاوەکان . بە مەبەستی رێ گرتن لە بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی و دەست گرتن بە ئاوەوە لە رێی دروست کردنی بەربەستی گڵێن و گۆلیچکە و پۆند بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و بۆ مەبەستی ئاودێری و بۆ ئاودانی دارو درەخت بەکار بهێندرێ .هەروەها بلاْو بوونەوەی ئامێری ئاودان بە دلۆپاندن و رشاندن بە شێوەیەکی فراوان لە هەرێمدا و لە کاتی کڕینیاندا پشتیوانی لە جووتیاران بکرێت .

**ماددەی شەشەم :**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی دارایی و ئابووری و پارێزگاکاندا ئەرکی رێکخستنی پرۆسەی بازاڕگەریی بەروبوومی کشتوکاڵ لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا دەگرێتە ئەستۆ .ئەمەش لە رێی کۆنترۆڵ کردنی بڕی هاوردەو هەناردە بە گوێرەی پێویستی هەرێم .لەگەڵ دیاری کردنی ئەو باج و رەسمەی دەخرێتە سەر بەروبوومی هاوردەی کشتوکاڵ کە لە یەك کاتدا ،کە لە پاراستنی بەرهەمهێنەرو بەکاربەری ناوخۆ رەچاو دەکرێت .

**ماددەی حەوتەم :**

وەزارەت بۆ وەدەست هێنانی پارەی پێویست بۆ قەرەبووی کێڵگە چێنراوەکان و پرۆژەکانی کشتوکاڵ کە تووشی لەناوچوون یا زیان پێکەوتن دەبن لە دەرئەنجامی رووداو یا هێزی دەرەکی هەوڵ دەدات .

**ماددەی هەشتەم :**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان ئاسانکاری پێویست بۆ دامەزراندنی کۆگای ساردخانە و بەستوو لە لایەن وەبەرهێنەران پێشکەش دەکات .

**ماددەی نۆیەم :**

لە قۆناغی ئێستادا بەروبوومی ستراتیژی ئەمانەن بەپێ ریزبەندی دادێ:

یەکەم:دانەوێلەکان ١- گەنم ٢- برنج ٣- نۆك ٤- نیسك

دووەم:بەروبوومی ئالیك ١- جۆ ٢- دەرەی زەرد ٣- وێنجە

سێەم:بەروبوومی زەیتی ١- زەیتون ٢- گوڵە بەڕۆژە ٣- پاقلەی سۆیا

چوارەم:سەوزەوات (بەتایبەتی ١- تەماتە ٢- خیار ٣- پیاز ٤- پەتاتە )

پێنجەم:میوەجات (بەتایبەتی ١- ترێ ٢- هەنار ٣- سێو ٤- خۆخ )

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی دەیەم :**

پارێزگار ، دوای راوێژ کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەپارێزگادا ،لیژنەی تایبەت لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا پێك دەهێنی .بۆ بەئاکام گەیاندنی هەڵسوکەوتی یاسایی دەرهەق بە سەرپێچیکارانی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە جووتیاران ،خاوەن مولك ،کشتیاران ،خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەبواری کشتوکاڵ ، کەسانی پەیوەندیدار بە کشتوکاڵ و سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵ.

**ماددەی یازدەهەم :**

١. ئەگەر جووتیار یان بەکارهێنەری زەویی کشتوکاڵ یان باخ یان ئەو کەسەی بەرپرسی بەڕێوەبردنیەتی ، دەرهەق بە کێڵان و چاندنی زەوییەکەو بایەخدان پێی کەمتەرخەمییەکی بیٌ پاساوی نواند . بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگار ئاگادار دەکاتەوە . پارێزگاریش بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی راسپێرێت کە بەو گوێرەی کە باوە زەوییەکە بکێڵیٌ و دایچێنیٌ یان بایەخی پیٌ بدات یان گرێبەست لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا بکات تا زەوییەکە دابچێنیٌ و بەکاری بهێنیٌ و رەفتار بکات لەسەر ئەو بەروبووم و چیلکەیەی لیٌ دێتە بەرهەم .

٢. جووتیار یان بەکاربەری زەویی کشتوکاڵ یان باخ یان کەسی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی کە برگەی (١) ی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە ، بۆی نییە داوای بەشە کریٌ بکات ، بەلاٌم ئەگەر بەڵێن بدات کە زەوییەکە بەکار دەهێنیٌ و بە شێوەیەکی دروست و بایەخی پیٌ دەدات . لە کۆتایی وەرزی کشتوکاڵەکەدا زەوی یان باخەکەی دەدرێتەوە.

٣. ئەو لایەنەی زەوی یان باخەکەی پیٌ دەسپێردرێت ،تۆمارێك دەگرێتە دەست و هەموو داهاتو خەرجی بەکار هێنانی زەوی یان باخەکەی تێدا دەنووسرێتەوە .

٤. داهاتی زەویی کشتوکاڵ و باخ کە برگە (١) ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە ،لە پاش دەرکردنی پارەی خەرجی و کریٌ و پاسەوانی ، وەك داهاتی گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت .

**ماددەی دوازدەهەم :**

١. هەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی رووەك یان ئاژەڵداری ، کە هی جووتیار بێت یان کەرتی تایبەت سەرپەرشتیارێکی کشتوکاڵی دەبێت ، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ یان سەندیکای پزیشکانی ڤێتەرنەری یان سەندیکای هونەروەری کشتوکاڵ دەست نیشان دەکرێت .

٢. لەم پرۆژانەی دادیٌ دەبیٌ سەرپەرشتیار دابنرێت و کریٌ ی سەرپەرشتیاری لە ئەستۆی خاوەن پرۆژە دەبێت بە پیٌ ی رێکەوتنی هەردوو لا :-

أ. باخی بەراو / لە رووبەری (١٠) دۆنم و زیاتر.

ب. باخی دێم / لە رووبەری (٢٠) دۆنم و زیاتر.

ج. خانووی پلاستیك / لە رووبەری (٢٥٠٠) م$^{٢}$ و زیاتر (رووبەری خانووی پلاستیکەکان نەك رووبەری گشتی ) ئەم رووبەرە دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا زیاد بکرێت ئەگەر زیاتر بلاٌوبووەوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ح. ئەو باخانەی کە دەکەونە ناوچە سنووریەکان یان دوورەکان و کارمەندی کشتوکاڵ نەبوو لەو ناوچانە سەرپەریشتیار نەسەپێندرێ.
خ. نەمامگە لە (١) دۆنم زیاتر بوو سەرپەرشتیاری هەبێت.
و. پرۆژەکانی بەخێو کردنی پەلەوەری گۆشت .
د. هەڵهێنەرەکانی پەلەوەر و ماسی .
ت. پرۆژەکانی پەلەوەری هێلکەی خواردن .
ر. پرۆژەکانی پەلەوەری دایکانەی هێلکەی تروکاندن (بۆ پەلەوەری گۆشت ) .
س. پرۆژەکانی پەلەوەری ئەژداد .
ش. کوشتارگەکانی پەلەوەرو و ئاژەڵ .
ص. کارگەکانی دروست کردنی ئالیکی پەلەوەر و ئاژەڵ و ماسیَ .
ن. پرۆژەکانی بەخێو کردنی ماسیَ .

٣. سەبارەت هەندێك پرۆژەی بچووکی کشتوکاڵ کە قازانجی زۆریان نابێت یا داهاتیان کەم و سنووردارە لە لایەن وەزارەتەوە سەرپەرشتیاری کشتوکاڵی بۆ دەست نیشان دەکرێت و هەر وەزارەتیش ماف و هەقی دەگرێتە ئەستۆ ئەگەر پێویست بوو .
٤. وەزارەت بۆی هەیە پرۆژەو کێڵگەی دی مەشموول بکات بە سەرپەرشتیاری کە ناویان لە برگە (٢) ی ئەم ماددەیە نەهاتووە .
٥. ئەو سەرپەرشتیارەی بە گوێرەی برگە(١) ی ئەم ماددەیە ڕادەسپێردرێت بۆ کار کردن لە پرۆژەی کشتوکاڵدا .بۆی هەیە بەپێی رێککەوتنی هەردوو لا کرێی سەرپەرشتی کردنەکەی لە خاوەنی پرۆژەکە وەربگرێت .
٦. پێویستە سەرپەرشتیاری کشتوکاڵ گشت توانایەکی زانستی و تەکنیکی خۆی لە پێناو سەرخستنی پرۆژەی کشتوکاڵەکەدا بخاتە گەڕ ،ئەگەر لە کارەکەشیدا کەمتەرخەم بوو ،هاوشانی خاوەن پرۆژەکە لە ئاست سەرنەکەوتن یان ئەو زیانەی بەر پرۆژەکە دەکەوێت ،بەرپرس دەبێت .
٧. سەرپرشتیار بەرپرسیار نابێت ئەگەر پێشتر یان دەمودەست هۆکاری سەرنەکەوتن یان زیان لێکەوتنی پرۆژەکەی ،بە لایەنی بەرپرسی پرۆژەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و خاوەنی پرۆژەکەش گەیاند. هەروەها ئەوەش روون بکاتەوە کە لە توانایدا نیە ئەو هۆکارە بەرپەرچ بداتەوە یان چارەسەری بکات .

**ماددەی سێزدەهەم :**

١. بەبێ رەزامەندیی نووسراوی وەزیر ، نابێ کار بە ئاراستەی سکاڵای سزادان دژ بە فەرمانبەرانی کشتوکاڵ یان سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵ بکرێت ،کە سەرپێچیان لە حوکمەکانی ئەم رێنماییە کردووە .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٢. لەسەر خواستی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە پارێزگاکاندا ،داواکاری گشتی سکالاّ دژی سەرپێچیکارانی ئەم ڕێنماییە لە خاوەن زەوی یان باخ یان جووتیار یان کشتیار یان کەسانی پەیوەندیدار بە کشتوکاڵ یان خاوەن پرۆژەکانی کشتوکاڵ بەڕێوە دەبات .

**ماددەی چواردەهەم :**

لە ڕۆژی بلاّو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) کار بەم ڕێنماییە دەکرێت .

**عبدالعزیز طیب**
**وەزیـــری کشـــتـــوکال**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

WWW.MOJKURDISTAN.COM